# تاراوگە

TARAWGA

# KURDISH DIASPORA

تاراوگە بڵاوکراوەیەکی ئەلکترۆنیی ناوبەناوە، لە شاری ئەمستردام لە هۆڵەندا دەردەچیت، ژمارە 1ی لە ڕۆژی 01-06-2018 بڵاوبۆتەوە. سەردار فەتاح ئەمین سەرپەرشتی دەکات.

**25 Februari. 2019 No. [33]**

Amsterdam, Netherlands, Editor: Sardar Fatah Amin -Email: Sardarfatah@live.nl Tel: +31 684950807

**لە تاراوگەدا، بابەتی کەلتوری هەمەجۆر و هەواڵی ئەدەبی و هونەری بخوێنەوە..**

ڕۆڵی دکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد لە لێکدانەوەی مێژووی کورددا..! نوسینی: دکتۆر جەبار قادر– بەشی یەکەم ..ل 1 ، ل 2 ، ل 3

چینییەک(٤٠٠٠٠٠)ئۆیرۆ بە"نادینە" دەدات، کۆترەکانم لەپۆرشەیەک بەهادارترن! وەرگێڕانی لە ئەڵمانیەوە موزەفەر عەزیز ل 4

بهێڵە با دایە.... بە ئاسوودەی گووی خۆی بکات! ئەم کتێبە هەم پڕ لە پێکەنینە و هەم پڕە لە گریان....! لێدوانی شەهلا یارە – ل 5

پەندی پێشینانی نەتەوەکان، پەندە نێونەتەوەییەکان پەڕتووکێکی نوسەری هۆڵەندی (خێر لێی)....ل 6 وەرگێڕانی لە هۆڵەندیەوە: بەختیاری شەمەیی بەشی سێهەم

هونەرمەندی شێوەکاری کورد
ڕەووف سالّح..ل8



KURDISH DIASPORA

سەردار فەتاح ئەمین
سەرپەرشتی بڵاوکردنەوەی دەکات
Amsterdam Holland

تاراوگە
TARAWGA
بڵاوکراوەیەکی کوردیی هەوالییە، لە هۆڵەندا دەردەچێت

25 Februari 2019 Tel&viber&WhatsApp: +31684950807
Emai: sardarfatah@live.nl ژمارە 32 25 فێبریوەری 2019

# ڕۆڵی دکتۆر کەمال مەزهەر لە لێکدانەوەی مێژووی کورددا

## ئەو نزیکەی پەنجا ساڵە لەم بوارەدا کار دەکات، دەیان کتێب و سەدان لێکۆڵینەوەی زانستی و باس گوتاری پێشکەش بە خوێنەرانی کورد و عەرەب و بیانی کردووە..

ئەم گوتارەم لە یادی حەفتا ساڵەی لە دایکبوونی دکتۆر کەمال مەزهەر لە ساڵی ٢٠٠٧ نووسیوە. لە دوای ئەو ساڵە دوو بەرهەمی دیکەی بە ناوی " کورد و کوردستان لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی حکومەتی بریتانیا" بڵاوبوونەتەوە. لە گەڵ بەرگی یەکەمیاندا، کتێبێکی بە ناونیشانی "بستێکی خاکی کوردستان بە هەموو دونیا ناگۆڕمەوە" بوو. دکتۆر کەمال پێی خۆش بوو، ئەم گوتارە لەو کتێبەدا وەک یەکەم بابەت بڵاوبکرێتەوە، هەر واش بوو. لە دوای ساڵی 2007 جارێکی دیکە گەیشتمەوە خزمەتی مامۆستای گەورەم و بۆ چەند ساڵێک لە ئەکادیمیای کوردی پێکەوە ئەندام بووین و هەمیشە بەتەک یەکەوە دادەنیشتین و زوو زوو دەمبینی، بە یەک ڕۆژیش دەستمان لە کار کێشایەوە. دواتر بەداخەوە باری تەندروستی تێکچوو، وا دەبێت بە چەند ساڵێک لە شاری بۆن لە وڵاتی ئەڵمانیا ژیانێکی پڕ لە ئازار و ناخۆشی بەسەر دەبات.

## دکتۆر کەمال مەزهەر و مێژووی کورد

دکتۆر جەبار قادر

کارێکی ئاسان نیە مرۆڤ ڕۆڵی دکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد لە لێکدانەوەی مێژووی کورددا، لە گوتارێکی وادا بنرخێنێ. ئەو نزیکەی پەنجا ساڵە لەم بوارەدا، کاردەکات و دەیان کتێب و سەدان لێکۆڵینەوەی زانستی و باس گوتاری پێشکەش بە خوێنەرانی کورد و عەرەب و بیانی کردووە. بەرهەمەکانی دکتۆر کەمال مەزهەر کەلێنێکی دیاریان، لە کتێبخانەی کوردیدا پڕکردۆتەوە (1). ئاسانییە خوێنەران، دیدوبۆچوونی جیاوازیان لە مەڕ تێز و بەرهەمەکانی هەبێ. ڕەنگبێ کەسانێ هەبن لە دیدی فەریکە ناسیۆنالیستیەوە کە پاشخانی زانستی ورۆشنبیریی زۆر هەژارە، دەڵێم ڕەنگبێ بۆچوونەکانی ئەمیان زۆر بەدڵ نەبێ. بەڵام ئەوەندەی من ئاگاداربم، کەس لەمانە نەهاتووە لە ڕێگەی بەڵگە ولێکۆڵینەوەی زانستییەوە هەڵەیەکی دکتۆر کەمالمان بۆ دەربخا ودروستی بۆچوونەکانی خۆیمان بۆ بسەلمێنێ. ئەو چەند گوتارە بێسەروبەرەی گوایە ڕەخنە لە دیدوبۆچوونەکانی دکتۆر کەمال دەگرن، ئەوە دەردەخەن، کە نووسەرەکانیان بەرهەمەکانی ئەویان نەخوێندۆتەوە یا خوێندوویانەتەوە بەڵام لێی تێنەگەیشتوون.



دکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد دکتۆر جەبار قادر

تیشک خستنە سەر کار و بەرهەمەکانی دکتۆر کەمال مەزهەر باشترین ڕێگەیە، بۆ دیاریکردنی ڕۆڵی ئەو لە هیستۆریۆگرافیای کوردیدا. دەکرێ وەڵامێکیش بێت بۆ پرسیاری ئەوانەی دەیانەوێ لە ڕاستییەکانی بگەن. دکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد لە ساڵی 1937 لە بنەماڵەیەکی خەڵکی سلێمانی، لە ئاغجەرلەری سەر بە کەرکوک هاتۆتە دونیایەوە. قۆناغەکانی خوێندنی مەکتەبی لە سلێمانی تەواو کرد. لە ساڵی 1959 بە پلەی شەرەف لە کۆلێجی ئەدەبیاتی زانکۆی بەغدا بەکالۆریۆسی لە مێژوو وەرگرت. لەگەڵ یەکەمین گروپی قوتابی کورددا، کە هەمان ساڵ لە لایەن حکومەتی عەبدولکەریم قاسمەوە نێردران بۆ خوێندن ڕەوانەی یەکێتی سۆڤیەت کرا. لەوێش ڕەوانەی پایتەختی ئازەربایجان (باکۆ) کرا بۆ تەواوکردنی خوێندن. لە ساڵی 1963 دکتۆرای لە مێژووی هاوچەرخی کوردا وەرگرت . تێزی دکتۆراکەی بەم ناونیشانە بوو : (بزاڤی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی لە کوردستانی ((باشور)) عیراق لە ساڵانی( 1918– 1932. تێزی دکتۆراکەی دکتۆر کەمال مەزهەر کۆمەڵێ زانیاری و دیدوبۆچوونی نوێی لەمەڕ بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد بە گشتی وباشوری کوردستان بە تایبەتی هێناوە کایە. دکتۆر کەمال پشت قایم بە بەڵگەی مێژوویی و لێکدانەوەی زانستیی ڕووداوەکان کۆمەڵێک لە ڕۆژهەڵاتناسانی ئەو وڵاتەی ناچار کرد، بە بۆچوونەکانی پێشوویاندا بچنەوە، لە مەڕ بزاڤ و سەرەکردە مێژوویی و سەرهەڵدانەکانی کورد، گرنگیی ئەو کارە زانستییەی دکتۆر کەمال مەزهەر بەوەدا دەرکەوت، کاتێ لە ساڵی1967 لە باکۆ وەکو کتێب بە زمانی ڕووسی بڵاو کرایەوە (2) . بڕوانە ل 2

## یەکێ لەبڕیارە قەرەقۆشیەکانی دەسەڵاتی بەعسیان ئەوە بوو، دەبوایە هەموو ئەوانەی وەکو دکتۆر کەمال مەزهەر لە یەکێتی سۆڤیەت دەیانخوێند بگەڕێنەوە بۆ عێراق. بەپێچەوانەوە ڕەگەزنامەی عیراقیان لێدەسێندرایەوە

بۆچوونەکانی دکتۆر کەمال مەزهەر و کوردناسی ئەرمەنی مانڤێل هەسراتیان گەلێ لە ڕۆژهەڵاتناسانی ئەو دەمەی سۆڤیەتیان هێناوە سەر باوەڕە کە دەبێ بە بۆچوونەکانیاندا بچنەوە لە مەڕ هۆ وسروشتی سەرهەڵدانەکانی گەلی کورد لە بیستەکان وسییەکاندا سەدەی بیستەمیندا. بەلای زوربەی ئەو ڕۆژهەڵاتناسانەوە ئەو ڕاپەرینانە بریتی بوون، لە هەوڵی ئاغا وسەرەک هۆز ودەرەبەگ وشێخانی دواکەوتووخوازی کورد کە بە بەفیتی ئینگلیز وفەرەنسی دەکەوتنە جم وجوڵ وبریقەی زێڕی کۆلۆنیالیستان سەری لێدەشێواندن. ناکرێ ئەو دیدانە لە ڕەوتی ڕووداوەکانی یەکێتی سۆڤیەت و ڕۆژهەڵاتی نزیک دابڕێن. ئەوە هاودەنگ بوو لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی دەوڵەتی سۆڤیەت و سیاسەتی دەرەوەی بەلشەفیەکاندا، لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمیندا. لە شەستەکانی ئەو سەدەیەوە بە هۆی گەشەکردنی بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردەوە و بەرلەوەش دەست تێکەڵکردنی داگیرکەرانی کوردستان لەگەڵ بەرەی دژ بە یەکێتی سۆڤیەت، ئەو زەمینەیە لەباربوو بۆ ئەوەی ئەو بالۆرەیە لە بەرهەمی کوردناسان و ڕۆژهەڵاتناسانی یەکێتی سۆڤیەت و وڵاتانی سۆشیالیستدا ڕوو لە کاڵبوونەوە بکات. لێکدانەوەکانی دکتۆر کەمال مەزهەر لەو چرکە مێژووییەدا ڕۆڵی خۆیان بینی و ئەرکی کوردناسانی ئەو وڵاتەیان ئاسانتر کرد. هەر لە ساڵی 1963 بوو، کاتێ بەعس کودەتا خوێناوییەکەی کرد و بۆ چەند مانگێک دەسەڵاتی لە عیراق گرتە دەست. یەکێ لە بڕیارە قەرەقۆشیەکانی دەسەڵاتی بەعسیان ئەوە بوو، کە دەبوایە هەموو ئەوانەی وەکو دکتۆر کەمال مەزهەر لە یەکێتی سۆڤیەت دەیانخوێند بگەڕێنەوە بۆ عێراق، بەپێچەوانەوە ڕەگەزنامە و پاسپۆرتی عیراقیان لێ دەسێنرایەوە. دکتۆر کەمال مەزهەر وەکو گەلێکی دی گوێی بەو فەرمانەی بەعسیان نەداو و بۆ چەند ساڵێک ژیانی زانستیی خۆی لەوێ بەسەر برد. دواییش یەکێ بوو، لە دوا کەسەکانی گروپەکەی خۆی، کە گەڕایەوە بۆ عێراق. ئەوەش لە دوای 11 ئازاری 1970، کاتێ گەڕایەوە و لە بەشی مێژووی کۆلێجی ئەدەبیاتی زانکۆی بەغدا وەکو مامۆستا دامەزرا. دکتۆر کەمال مەزهەر لە ساڵانی مانەوەیدا لە یەکێتی سۆڤیەت کاتی بەفیڕۆ نەدا و کۆمەڵێ گوتار و لێکۆڵینەوەی زانستی لە سەر بزاڤ و دۆزی کورد لە گۆڤاری (گەلانی ئاسیا و ئەفریقا) و هەندێ بلاوکراوەی تری سۆڤیەتیدا بلاوکردەوە. هەروەها لە هەندێ پرۆژەی زانستیدا لە مەڕ مێژووی گەلی کورد بەشداری کرد. لەو گوتارانەیدا هەوڵی داوە، تیشک بخاتەسەر هەندێ لایەنی مێژووی هاوچەرخی کورد و گەلێ تێبینی لە سەر ئەو کتێبانە تۆمارکردووە، کە ئەو دەمە لەسەر کورد و کوردستان و عێراق بلاودەکرانەوە. هەروەها هەوڵیدا ئینگلیزییەکەی بەهێز بکات، بۆ ئەوەی بەباشی کەڵک لە بەڵگە و دەکومێنت و سەرچاوە ئینگلیزییەکان وەربگرێت. ئەم فاکتەرە یارمەتی باشیدا بۆ لێکدانەوەی باری سیاسی، ئابوری، کۆمەڵایەتی باشوری کوردستان، لە ساڵانی داگیرکەری و مەندەیتی بەریتانیدا. لە هەموو ئەوانەش گرنگتر لە ماوەی شەش ساڵدا تێزی دکتۆرای ناووکەکەی ئامادە کرد کە لە ژێر ناونیشانی ( بزاڤی رزگاریخوازی لە کوردستانی عیراق لە ساڵانی 1918 –1958) بوو ولە 1969 بە سەرکەوتوویی لە مۆسکۆ بەرگری لێ کرد . دکتۆر کەمال مەزهەر یەکەمین کورد بوو ئەو بروانامەیەی وەرگرت. توێژەری وا هەبوو پێویستی بە دوو سێ ئەوەندە ساڵە هەبوو بۆ ئەوەی ئەو بروانامەیە بەدەست بێنێ . تێزی دکتۆرای ناووکەکەی دکتۆر کەمال لە سێ بەرگ کە 735 لاپەرە بوو پێکهاتووە. ئەو بەرهەمەی دکتۆر کەمال مەزهەر گەنجینەیەکە لە زانیاری وبەڵگە ولێکدانەوە لە سەر دۆز وبزاڤی کورد لە باشوری کوردستان لە ماوەی چل ساڵی ڕەبەقدا. پشت قایم بە سەرچاوەی مێژوویی ڕەسەن ودەکومێنت وبەڵگەی زۆر بە زمانەکانی کوردی، عەرەبی، ڕووسی وئینگلیزی ئەو سەردەمەی مێژووی هاوچەرخی کوردی بە شێوەیەکی زانستیانە لێکداوەتەوەو بەرهەمەکەی بووەتە سەرچاوەیەکی سەرەکی بۆ توێژینەوەی باری کورد لەو سەردەمەدا. بەدەگمەن سەرچاوەیەکی ڕووسی دەبینی باسی لە کورد کردبێ و پەنای بۆ ئەم کارە زانستیە نەبردبێ و ئاماژەی پێ نەکردبێ (3). لە نێو ڕۆژهەڵاتناسان و کوردناساندا ئەو نێوێکی دیار بوو. لە ساڵانی خوێندنمدا لە مۆسکۆ دەیان جار لەو کەسانە پەسنی کارە زانستیەکانی دکتۆر کەمالم بیستووە. بۆ خۆشم هەرچی بە ڕووسی نووسیبوو خوێندۆتەوە و کەڵکم لێ وەرگرتووە. بەرهەمەکانی دکتۆر کەمال مەزهەر بە زمانی ڕووسی دەسپێکێک بوو بۆ لێکدانەوەیەکی زانستییانەی نوێی مێژووی هاوچەرخی کورد. لەم بوارەدا نابێ ئەو ڕاستییەش لە بیر بکەین کە ئێمە باس لە چل ساڵ بەر لە ئێستا دەکەین، کاتێ سەرچاوە و زانیاری لە مەڕ کورد و کوردستان زۆر کەم بوون و دوای بەرهەمەکانی محەمەد ئەمین زەکی



بەگ بە دەگمەن کارێکی زانستیی لەم بوارەدا ئەنجام درابوو. هەروەها دەبێ ئاماژە بەوەش بکەین، کە یەکێتی سۆڤیەت وبەر لەویش ڕووسیای چاری ، لە بەر کۆمەڵێ هۆ ومەرجی مێژوویی وجوگرافی، تەنها لانکەی کوردۆلۆجیا بوو. ئەو دەمە لە ڕۆژئاوا بەرهەمی زانستیی لە مەڕ مێژووی کورد وکوردستان بە دەگمەن بلاو دەکرایەوە . ئەو بایەخەی ئەورۆ بە باس وخواسی کورد دەدرێ وئەم شۆرشی زانیاری وئاگادارییەی ئێمە لە سایەییدا دەژیین ، کە مخابن کەم کەڵکی زۆرمان لێی وەرنەگرتووە، وەکو خەونیش بە زیادەڕۆیی دادەنرا. یەکێ لە ئەلف و بێکانی زانستی مێژوو ئەوەیە، کە دەبێ مرۆڤ و مێژوونووس ڕووداو و کارەکان لە چوارچێوەی کات و شوێنی ڕوودانیاندا بخوێنێتەوە. ئەرکی مێژوونووس ئەوەیە هەوڵبدات مێژوو وەکو ڕوویداوە بنوسێتەوە، نەک وەکو ئەوەی دڵ دەیخوازێ، بەگشتی کورد زۆر حەز لەمەی دواییان دەکات. ئەزموونەکانی مێژووی مرۆڤایەتی ئەوەیان بەباشی دەرخستووە، کە ئەمجۆرە مێژووە تائێستا قازانجی بە هیچ گەل و نەتەوەیەک نەگەیاندووە. شێواندنی مێژوو لە بەر هەر هۆیەک بێت مایەی زیان بەخشینە، هەر هیچ نەبێ لە بەر ئەوەی ڕێگە لە نەوەکانی ئەورۆ دەگرێ لە ڕاستی و دروستی ڕووداوەکان تێبگەن و هەڵە و خەوشەکانی باو باپیران دووبارە نەکەنەوە. بەرهەمەکانی دکتۆر کەمال مەزهەر لە ماوەی نیو سەدەی ڕابردوودا لەم ڕێچکەیە لایان نەداوە، بۆیە میتۆدەکەی بۆتە قوتابخانەیەک بۆ هەموو ئەوانەی بە پەرۆشی مێژووی کوردەوەن. هەڵبەتە کەسانی بێ ئاگا و ناشارەزا لە زانستی مێژوو بەشێوەیەکی جیاواز بیر لەم پرسانە دەکەنەوە. ئەو باسانەی دکتۆر کەمال مەزهەر لە هەردوو تێزەکەیدا دەربارەی بزاڤ و سەرهەڵدانەکانی کورد لە بیستەکان و سییەکان و چلەکاندا هێنانی کایەوە، تاوەکو ئێستاش گرنگیی خۆیان لە دەستنەداوە. هەڵبەتە بەهۆی ئاشکرا بوون و بەدەستهێنانی بەڵگە و زانیاری نوێوە، هەندێ لە ڕووداوەکان زیاتر ڕوونبوونەتەوە و نهێنی زیاتر ئاشکرا بوونە. لێ ئەوەندە نەبوونە دیمەنە مێژووییەکان سەروبن بکەن و گۆڕانی دراماتیکی بێننە کایەوە. دکتۆر کەمال مەزهەر وەکو زانایەکی ڕاستەقینە وخاوەن ویژدان هەر کاتێ هەستی کردبێ لێکدانەوەیەکی یا بۆچوونێکی پێویستیان بە پێداچوونەوە هەیە، یەکسەر ئەو کارەی کردووە و قەت لاری لەوە نەبووە ڕاستییەکان بخاتەڕوو. ئەمەش خەسڵەتی مرۆڤی زانایە.

بڕوانە ل 3

# مخابن ئەمە خەسڵەتێکی تا بڵێی نامۆیە بە جیهانی (ڕۆشنبیریی کوردی)،کە هەر کەسە خۆی لێ بووە بە لوتکەیەکی پیرۆز و پێی وایە کە دیدوبۆچوونەکانی نابێ جێگەی پرسیار و مشت ومڕبن...

مخابن ئەمە خەسڵەتێکی تا بڵێی نامۆیە بە جیهانی (ڕۆشنبیریی کوردی، کە هەر کەسە خۆی لێ بووە بە لوتکەیەکی پیرۆز وپێی وایە کە دید وبۆچوونەکانی نابێ جێگەی پرسیار ومشت ومر بن. دوای گەڕانەوەی بۆ بەغدا لە دەمێکی کورتدا دکتۆر کەمال مەزهەر بووە نێوێکی دیاری دونیای نووسین ورۆشنبیریی کوردی ئەو سەردەمە کە بەغدا ناوەندی هەرەگرنگی بوو . ئەو دەمە قوتابیساڵی سێیەمی بەشی مێژوو بووم وتەنها کورد بووم لە کلاسەکەی خۆمدا. دکتۆر کەمال مەزهەر مێژووی نوێی رۆژهەڵاتی نزیکی پێ دەوتینەوە. مامۆستایەکی تا بڵێی لەبز شیرین وخۆشەویست بوو وریزی زۆری لە قوتابیان دەگرت . ئەو ڕووداوەکانی مێژووی بە شێوازێکی جیاواز بۆ لێکدەداینەوە . زوربەی هاوپۆل وهاورێکانم کۆمۆنیست بوون وباس وخواسەکانی دکتۆر کەمال بە تەواوی سەرنجی راکێشا بوون . بۆ یەکەمین جار لە مێژووی ئەو بەشەدا بابەتێکی پر لە زانیاری نوێی لە سەر مێژووی بزاڤی رزگاریخوازی کورد تێکەڵ بە پرۆگرامی خوێندنی ئەو ساڵەمان کرد کە کاریگەری باشی لە سەر قوتابیان هەبوو. دوای چەند مانگێک کە زانی کوردم ویەکەمی بەشەکەی خۆمم ئیدی وەکو برایەکی خۆی سەیری دەکردم ومنیش وەکو مامۆستایەکی زانا وبەرێز. ئەو پەیوەندییەمان تاوەکو ئەورۆش هەر وایە. وانەکانی ئەو وایان لێکردم حەز لە زانستی مێژوو بکەم وهاندان وهەوڵی ئەو رۆڵی سەرەکیان بینی لە چوونم بۆ تەواوکردنی خوێندن ورەخنەی دۆستانەی ئەویش بوو لە کتێبی (مێژوو) دا پاڵی پێوە نام دەست بە نووسین بکەم . ئەو بۆ من تەنها مامۆستا نەبوو بەڵکو نمونەی مرۆڤێکی زانا وکوردپەروە. لەم دواییانەدا لە وەڵامی هەندێ کەسدا وتەیەکی جوانی فەرمووە کاتێ دەڵێ قەبووڵ ناکەم کەس لە من کوردتر بێ . ئەو وتەیە نە بێرێزیی بۆ کەس تێدایە ونە نیشانەی لووت بەرزی ولە خۆ بایی بوونە کە دوو خەسڵەتی نامۆن بە کەسایەتی دکتۆر کەمال . ئاگادارم کە هەوڵی لە گەڵدا درا لە ئەنجومەنی حوکم ولێژنەی دەستور ئەو جۆرە شتانە بەشداری بکات ً، لێ ئەو داوای لێبوردنی کرد وداخوازی ئەوەی کرد کە خەرێکی کاری زانستی خۆی بێ چونکە بە وتەی خۆی پرۆژەی زۆری لە پێشە وتەنها لە جیهانی نووسین ولێکۆلچینەوەدا خۆی دەبینێتەوە. دکتۆر کەمال مەزهەر بۆی هەیە کەس لە خۆی بە کوردتر نەزانێ چونکە ئەوەی ئەو لە رێگەی زانستەوە بۆ کوردی کردووە کەسی دی نەیکردووە . ئەگەر شەرەفخانی بدلیسی باوکی مێژووی کورد بێ، کە دکتۆر کەمال مەزهەر لە دوای ڤاسیلیێڤا باشترین لێکۆڵینەوەی زانستی لە سەر ئەنجامداوە و ئەگەر محەمەد ئەمین زەکی بەگ سەرقافڵەی مێژوونووسانی کورد بێ، ئەوا دکتۆر کەمال بێ یەک ودوو ئەو زانا کوردەیە کە زانستی مێژووی لە دڵی خوێنەری کوردا خۆشەویست کرد ومێژووی گەلی کوردی لە چیرۆک وئەفسانە وباس وخواسی میر ودەرەبەگەوە گواستەوە بۆ مێژووی هەموو توێژەکانی کۆمەڵگە و بنەماکانی میتۆدی لێکۆڵینەوەی زانستیی لە نێو مێژوونووسانی کوردا بڵاو کردەوە. دکتۆر کەمال لە هەفتاکاندا مرۆڤێکی زۆر چالاک بوو ولە چەند بوارێکدا بێ وچان کاری دەکرد. ئەو مامۆستا بوو لە بەشەکانی مێژوو وزمانی کوردی لە زانکۆی بەغداو لە هەمان کاتدا سکرتێری کۆڕی زانیاری کورد بوو. بەهەوڵەکانی دکتۆر کەمال مەزهەر وچەند کەسێکی دڵسۆزی تر بوو کە کۆڕ بوو بە دەزگایەکی گرنگ لە ژیانی زانستی و ڕۆشنبیری کوردیدا.

ئەو چەند ژمارەیەی گۆڤاری کۆڕ کە لەو سەردەمەدا بڵاوکراوانەوە گەواهی ئەوەن، کە باشترین گۆڤار و هەوڵ بوو لە مێژووی ڕۆشنبیری کوردیدا. مێژووی رۆشنبیری کوردیدا. هەر بەهەوڵی بێ وچانی ئەو بوو یەکەمین کتێبخانەی دەوڵەمەندی تایبەت بە کورد لە کۆر پێکەوە نرا. لە گەلێ وڵاتەوە بە سەدان سەرچاوەی دەگمەنی لە مەر کورد وکوردستان پەیدا کردو لەوێدا کۆی کردنەوە . کۆر بەرهەمی دەیان نووسەر و شاعیری کوردی لەو چەند ساڵەی تەمەنیدا بڵاو کردەوە. یەکێک لە گرنگترین کارەکانی کۆڕ بڵاوکردنەوەی چاپی کوردی شەرەفنامەی شەرەفخانی بدلیسی بوو. دوای نزیکەی چوار سەدە لە بڵاوکردنەوەی شەرەفنامە بە زمانی فارسی بە یارمەتی کۆڕ وهەوڵ کۆششی هەژاری شاعیر خوێنەری کورد توانی ئەو بەرهەمە هێژایە بەزمانی دایک بخوێنێتەوە (4). لەم بارەیەوە دکتۆر کەمال نووسیوە دەڵێ (ساڵی 1973 هەژاری شاعیر بە یاریدەی کڕی زانیاری کورد کەلێنێکی زۆر گەورەی لە کتێبخانەی کوردیدا پڕکردەوە بەوەی بە زوبانی کوردی شەرەفنامەی لە بەرگێکی قەشەنگدا بڵاوکردەوە. هەژار بەو کارە گەورەیەی قەرزی نیشتمانی بەسەر خۆیەوە نەهێشت و کۆڕی زانیاری کوردییش بەبڵاوکردنەوەی ئەرکێکی بایەخداری سەرشانی بەجێ گەیاند..چاپی کوردیی شەرەفنامە 1016 لاپەرە بوو) (5). دکتۆر کەمال مەزهەر لە بەرهەمەکانی خۆیدا هەمیشە جێگەیەکی تایبەتی بە شەرەفنامەو شەرەفخانی بدلیسی داوە. ئەرکی پێداچوونەوە وبەراورد کردنی وەرگێرانەکەی هەژار وچاپە رووسی وعەرەبیەکان بەو سپێردرا بوو . لە گەڵ ئەو کارەیدا لێکۆڵینەوەیکی گرنگیشی لە مەر شەرەفنامە لە کوردناسی سۆڤیەتیدا نووسی ولە پێشەکی چاپە کوردیەکەدا بڵاو کرایەوە . یەکێ لە شاکارەکانی . کتێبی (مێژوو)ی کە یەکێ لە شاکارەکانێتی پێشکەش کردووە بەیادی پیرۆزی شەرەفخانی بدلیسی ومەلا مەحمودی بایەزیدی ومحەمەد ئەمین زەکی . هەر لەوێدا ئەو جێگەی بۆ باسی شەرەفنامە وخاوەنەکەی تەرخان کردووە بە کەسی تری رەوا نەبینیوە (6). هەر لەو سەربەندەشدا دکتۆر کەمال بەرپرسی لاپەرەی رۆشنبیری کوردی بوو لە رۆژنامەی (التاخی) کە پارتی دیموکراتی کوردستان لە بەغدا بەزمانی عەرەبی دەریدەکرد. ئەو سەردەمانە میدیای کوردی وەکو ئەورۆ گیرۆدەی دردی حیزبایەتی تەسک ودەستە ودایەرەی نەخوێندەوار نەبوو. نەک هەر رۆشنبیری سەربەخۆی کوردی وەکو دکتۆر کەمال لەو رۆژنامەیەدا کاریان دەکرد ودەیاننووسی ، بەڵکو هەرچی نووسەرانی لیبراڵ ودیموکراتخواز وچەپی عەرەب وگەلانی تری عیراق وهەموو ئەوانەی لە دژی پاوانخوازی وتۆتالیتاریزمی بەعس بوون لەو رۆژنامەیەدا جێگەیان دەبووەوە ووتارەیان بڵاو دەکردەوە. دکتۆر کەمال مۆرکی خۆی لەو لاپەرەیە دابوو کە ببووە سەرچاوەیەکی گرنگی زانیاری ورۆشنبیری بۆ خوێنەری کورد وتا ئاستێک عەرەبیش لەو سەردەمەدا. زنجیرە وتارەکانی لە مەر سەرهەڵدانی مەزنی ساڵی 1925 لە باکوری کوردستان دەتوانم خاڵێکی وەرچەرخان بوو لە لێکدانەوەی مێژووی کوردا . بۆچوونەکانی دکتۆر کەمال لە مەر هۆ وسروشت وئەنجامەکانی سەرهەڵدانەکە وڕووداوەکانی ولێکدانەوەی زانستیانەی دید وبۆچوونە جیاوازەکان وپەنا بردنە بەر سەرچاوەی جۆراوجۆر شتگەلی نوێ بوون لە ژیانی رۆشنبیری کوردیدا. لەم ساڵانەی دواییدا ئەو وتارانە لە دووتۆی کتێبێکدا کۆکرانەوە ولە بەیروت چاپ کرا (7).

ماوێتی

# چینییەک(٤٠٠٠٠٠)ئۆیرۆ بە"نادینە" دەدات. کۆترەکانم لەپۆرشەیەک بەهادارترن!

## (خینگ وەی) ملیاردێرێکی چینییە و کۆتربازە. کۆتر نادینەی بە٤٠٠٠٠٠ کڕیوە










ئەم بابەتەم لە ڕۆژنامەی بیلد بەرچاوکەوت و سەرنجی ڕاکێشام، پێم باش بوو وەک باسێکی جیاواز بیخەمە بەردیدی ئێوەی بەڕێز. لەلایەن(تساکار) و (م.کلوگ) و (گ.گارلینگ) ئامادەکراوە .

ئێسن/ئەوان بەبڕێکی زۆر خواردنی منداڵان و خانووبەرەو کارگە لەئاوروپا دەکڕن–ئێستا چینییەکان دەست بۆ کۆترەکانیشمان دەبەن! ڕیپۆرتەری ڕۆژنامەی بیلد ئامادەی ئەو بازرگانییە مەزنە بوو، کە بە باڵندەدڵخوازەکان دەکرێت و تێیدا یەکێکیان مامەڵەی ٤٠٠٠٠٠ چوارسەدهەزار ئۆیرۆی پێکرا. "نادینە"ی یەک ساڵان، کە لە١٦ –٨–٢٠١٧ەوە هەموو هەوادارو بایەخدارانی کۆتر دەیناسن. هەروەک ئارەزوومەندو کۆترباز(ویلی دانییەڵسی ٦٨ساڵ)ی خەڵکی کێسڵی بەلژیکا باسی دەکات: "لەوەتەی نادینەکەی من لەحەوت پێشبڕکێی باڵنداندا چوارجار براوە بووە، وایکردوە ببێتە جێی بایەخی زۆر کەس، "ئیدی ئەمەش وایکرد: دوای دوو کاتژمێر، بەنرخێکی پێوانەیی ٤٠٠٠٠٠ ئۆیرۆ هەژمار بکرێت.کارمەندێکی کارگەی "پیپا "خستییە پێش "وەی چینی". ئەو چەندین جار نرخی (شەش ژمارەیی–خانەی هەزاران–)ی بە کڕینی کۆتر داوە،بەڵام ئەمەیان جیاوازەو زۆربەی ئاژەڵەکانیتر نرخیان هەر دەگاتە نزیکەی ٣٠٠٠ سێ هەزار ئۆیرۆ،بۆ زانیاری زێتر ناوی پیپا لە(پیجن پارادایس–بەهەشتی کۆتران)ەوە هاتوەو لەجیهاندا بەگەورەترین کارگە دەژمێردرێت وئەوان پسپۆرن لەو بارەوەو پەیوەندی نێوان فرۆشیارو کڕیار ڕێکدەخەن ولە٪١٠ی نرخەکەشی بۆ پیپا دەبێت وئەمجارەش هەروابووەو ئەوەی ماوەتەوەش بۆ ویلی دانییەڵس بووە .ئەرێ بەڕاست کۆترێک چی دەکات، تا وا گرانبەها بێت؟ "ڕەگو ریشەی خێزانەکانیان فاکتەرێکی گرنگن"، هەروەک دەڵاڵێکی کۆتر بەناوی فڕانس–جوزێف ئێرمەری، پەنجا ساڵانی خەڵکی نۆتتولن دەڵێت."دەبێ باڵندەکان نەوە دوای نەوە و ئاکامی باشیان هەبێت و بەچالاکیی لەفڕیندا و بە ناسراو بژمێردرێن– هەروەک کێبڕکێی ئەسپ"! ئەو ڕەسەنی و بنەچەیەشیان دەکرێ بە (DNA) دی ئێن ئەی– ش بسەلمێندرێ و کۆنتڕۆڵی بۆ بکرێت."بەڵێ لەکۆتاییدا ڕەوانبەخت بوو"دانییەڵس بۆ بیلد وایدەگوت:"بەڵام گرەنتی ئەوەش ناکرێ کەدواتر ئەو باڵندەیەکی باشی کێبڕکێ بێت." ئەو نرخەزۆرە بەچاوی رەخنەشەوە لێی دەڕوانرێت:"گیرۆدەیی بۆ سوودی زیاتر هەمیشە لە زۆربوون دایە،بۆیە حەزو ئارەزووش نەماوە"هەروەک بەلژیکاییەکە دەیگوت.ئەمەش وادەکات بۆ مرۆڤە ئاساییەکان سەختتر بێت کەکۆتر بکڕن،زۆربەی نرخەکان بەرەو هەڵکشانن . باشە ئەی کڕیارەکان چی بکەن؟ ئەوە زۆربەی زۆریان خۆیان فێری پەروەردەکردن دەکەن: ئاژەڵێکی ٤٠٠٠٠٠ چوارسەد هەزار ئۆیرۆیی گەر یەکجار ڕێگای فڕینی پێ بدرێت، ئەوە تەنها بۆ ملیاردێرێکیش سەرکێشییەکی گەورەیە"ئێرمەر وایدەگوت. چەند زانیارییەکی کورتی تری پەیوەست و تایبەت بەو بابەتە–: کۆتری شین و سپی*(خۆشەویستیی لە شوێنی ئارامی کۆترەکان–گۆرانییەکی هەوادارانی تیپی تۆپی پێیی ئەڵمانیا شالکەی ٠٤ ە). لە ئەڵمانیا ٣٧٠٠٠ هەزار کۆترباز هەیە:– لەسەرتاسەری جیهان ٣٠٠ جۆری کۆتر هەن، لەناو ئێمەشدا ناودارترینیان کۆتری نامەبەرە، کە لەخاکی بەردی کۆتران (کۆلۆمبیا لیڤیا، وەک لە وێنەکە دیارە)دێن .کۆترێکی گەشەکردووی نامەبەر، درێژییەکەی نزیکەی ٣٣ سانتیمەترە و باڵەکانی لە کاتی کردنەوەیاندا بۆ ٦٣ سانتیمەتر درێژدەبنەوە. لەئەڵمانیا لەنزیکی ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەمەوە کۆتربازەکان ناسراون و لەئێستادا ژمارەیان ئەگاتە ٣٧٠٠٠ سی وحەوت هەزار. پرنسیپی کێبڕکێی باڵندەکان بەو شێوەیەیە:کە تا ١٠٠٠هەزار کیلۆمەتر کۆترەکان لەدەڤەرەکەی خۆیان دوور دەخرێنەوەو پاشان بەرەڵڵا دەکرێن،براوە ئەو کۆترەیە کەیەکەمە لەگەڕانەوەیدا بۆ وارەکەی خۆی. نەخۆشخانەی کۆتران لەهەفتەیەکدا شەش ڕۆژ ئاوەڵایەو ئەم تاکە کلینیکە بۆ کۆتری نامەبەر لەسەرتاپای جیهان و د.ئەلیزابێسی ٣٩ ساڵان سەرپەرشتی دەکات ودەڵێ:ئەو سێ پزیشکەمان بە بەردەوامی ڕۆژانە ٢٥باڵندە چارەسەردەکەن"زۆرترین نەخۆشیش پێی دەگوترێت "تریشۆمۆنادن"کە ئەوە دەردێکی بچووکەو کۆترەکان لەناوەوە دووچاری خواردن دەبن". "کۆتر کێبڕکێی ئەسپی پیاوە بچووکەکانە". توماس بۆڵتسی ٥٣ ومیشایل بودەی ٥٥ساڵانیی خەڵکی بوخوم،بڕوانامەکانیان بەدیوارەوە هەڵواسیوەو جامەکانیشیان لەسەر ڕەفەدا ڕیزکردووە کەبەهۆی کۆترەکانیانەوە چەندین جار ئاهەنگی سەرکەوتنیان گێڕاوەو ڕێفیریدار مارسێل کراوسی ٢٥ساڵانی خەڵکی کاستڕۆپ راوکسێل ئەویش وەک باب و باپیری کۆتر بەخێو دەکات "وەک لەوێنەکاندا دیارن"کۆتر باز مانفرێد لودەڤیگ ٧٨ساڵ کە لەساڵی ١٩٥٤ تاکو ١٩٩٤ لەبێرگهام کۆتری هاوردەکردوە بەبیریدێتەوەو دەڵێ: کۆترەکان هاوسەنگییەکی باشی نێوان کاتەکانی ئیش بوون ئەوێ ڕۆژێ"هەروەها دەیگوت:"ئەو پەندە پێشینە هێشتا بەکارە،کە دەڵێ: کۆتری نامەبەر کێبڕکێی ئەسپی پیاوە بچووکەکانە" ئەو نەوەکەی مارسێل لەناو خانەوادەکەیاندا بەردەوامی بەو کارە داوەو دەڵێ:من بۆ کۆترەکانم دەژیم،بەیانی وئێواران بۆ لایان دەچم. دانیان دەدەمێ، شوێنەکەخاوێن دەکەمەوە، ڕاهێنانیشیان پێدەکەم. "ئەو خاوەن دووسەد کۆترەو بەتەمەنترینیان ١٥ساڵە،گەنجترینیشیان تازە ترووکاوە. تۆماس ومیشایلیش بەدووان ١٢٠ کۆتریان هەیەو ئەو خۆشەویستیی وهەوادارییەیان بۆ کۆتر لەباپیرانیان بۆ ماوەتەوەو کاتەکانیان لەگەڵ یەک بۆ کۆترەکان دابەش کردووە.



موزەفەر عەزیز

تێبینی:–لای ئێمە بەگشتی بەهەموان دەڵێن:کۆترباز، بەڵام ئەوەی سەرنجی ڕاکێشام لەم بابەتەدا، دەڵاڵی کۆتر و بەخێوکەر و ڕاهێنەری کۆتر و هەواداری کۆتر هەن، کە کارەکانیان لەیەکتری جیاوازن.

# بهێڵە با دایە.... بە ئاسوودەی گووی خۆی بکات!
# ئەم کتێبە هەم پڕ لە پێکەنینە و هەم پڕە لە گریان.

کاتێک ژنێک دەبێت بە دایک بۆ یەکەم جار، ئەزموونی منداڵ بە خێوکردنی نییە! خاوەنی ئەم کتێبە ژنێکی سوئێدیە و ڕۆژانە ئەزموونەکانی خۆی لە فەیسبوک نوسیووە و لە بلۆگی خۆیدا بڵاویکردونەتەوە و زۆرترین خوێنەر هەبووە. منیش کاتێک چاوم بە کتێبەکەی کەوت لای کتێبفرۆش، ناوەکەی سەرنجی ڕاکێشام، چاوێکم پێداخشاند و لە جێگای خۆی دامنایەوە، بیرم لێکردووە بیکڕم. ڕۆژێکیان لانەی کچیشم هەمان کتێبی بینی بوو، وێنەی گرتبوو بۆی ناردم، گوتی دایە کاتێک ئەم کتێبەم بینی دەستبەجێ، بیرم لەتۆ کردەوە و گوتم ئەم کتێبە دایکم حەزی لێدەکات. بەڵێ من هەمیشە حەزم لە شتێکە، کە زۆر نامۆ بێت و خەڵک بە عەیب و عاری بزانن و پێمخۆشە بچمە بنجوبناوانی ئەو شتانە، کە لە هەموو مرۆڤێک ڕوو دەدات. پێمخۆشە هەموو شت ئاسایی بێتەوە، هیچ شتێک بە ناوی عەیب و عارو ترس و دڵەڕاوکێ نەمێنێت. پێمخۆشە هەموو مرۆڤێک وەک ئەم دایکە، بتوانێت ڕاستیەکانی خۆی باس بکات. نوسەری ئەم کتێبە باس لە دۆخی تایبەتی خۆی دەکات، کە سەرەتا نەیویستووە منداڵی ببێت، بەڵام حەزی کردووە ببێتە خاوەنی بەلەمێک و بە دەریادا گەشت بکات. بەڵام کاتێک دایکی نەخۆش دەکەوێت و دکتۆرەکان بە دایکی دەڵێن: نەخۆشی شێرپنجەی گرتووە و ماوەیەکی زۆر نابات دەمرێت، ئەویش دەستبەجێ بیردەکاتەوە بەلەمەکە نەکڕێ و واز لەو بیرۆکەیە بێنێت! لەگەڵ هاوسەری ڕێکدەکەون، کە هەوڵی منداڵ دروست کردن بدەن، تا دایکی لە ژیاندا ماوە. تەنیا بۆ ئەوەی پێش ئەوەی بمرێت، دایکی منداڵی کچەکەی ببینێت و لە باوەشی بگرێت، ئاواتی دایکی بێنێتەدی. نوسەر دوو گیان دەبێت و کچێک نۆ مانگ لە سکیدا هەڵدەگرێت! بە دوو گیانی هەموو ڕۆژ و کات و ساتەکان، لەنەخۆشخانە لەگەڵ دایکی بە سەردەبات، هەر لە سەرەتای نەخۆش کەوتنی دایک و دووگیانی خۆی، دەستدەکات بە نوسینەوەی بیرەوەریەکانی و ناهێڵێت چرکە و ساتەکان لە دەستی بڕوات. بەڵام زۆر ناخایەنێت و نزیک بە دە ڕۆژ پێش ئەوەی منداڵەکەی بێتە دنیاوە دایکی بۆ تا هەتایە چاوەکانی لێکدەنێ و ئاخرین ماڵئاوای لە دایکی دەکات، پێیدەڵێت من چاوەڕێ بووم، کە تۆ نەوەکەت لە ئامێزبگریت و کەمێک لە ئەزموونەکانی خۆتم پێ ببەخشی بۆ بە خێوکردن و پەروەردەکردنی منداڵەکەم، پێیشی دەڵێت من ڕقم لە (دایک بوونە)، بەڵام کاتێک خۆم دەبینم، منداڵم زۆر خۆش دەوێت، چونکە تۆ باشترین دایکی دنیاییت و بە جوانترین شێوە منت گەورە کرد. نوسەر باسی هەموو چیرۆکەکانی ژیانی خۆی دەکات، کە چەندە سەختە دایک بیت و بەرپرسیاری منداڵت لە ئەستۆبێت، بەڵام خۆشت دایکت لە دەست بدەیت هێندە یتر سەخت و دژوارە ژیان. نوسەر لە دوای لە دەستدانی دایکی بە بارودۆخکێی زۆر ناخۆشدا تێدەپەڕێت و سەرەڕای ئەوەیش هاوسەری هەیە و لە وڵاتێکدا دەژی، کە دەتوانێت لە کۆرس و خولی فێربووندا بەشداری بکردایە. کە چۆن منداڵ دێنێتە دنیا و




بەرگی کتێبەکە لێدوانی: شەهلا یار

لە سفرەوە بۆ سەد گەورەی دەکەیت. بەڵام نوسەر هەموو ئەمانەی ڕەتکردۆتەوە و هەر بە هەوڵ و تێکۆشان و ئەزموونەکانی خۆی بەرپرسیارێتی قورسی لە سەر شانی خۆی، بۆ ئەوەی بزانێت دایکێک بەبێ ئەزموون چۆن تواناکانی خۆی وەگەڕدەخات و منداڵ گەورە دەکات.

نوسەر دەڵێت دایکێک ئازار نەکێشت ناتوانێت دایکێکی باش بێت، دایکێک بە سروشتی منداڵ نەهێنێتە دنیا ناتوانێت بڵێت من ئازارم کێشاوە، دایکێک ئەگەر هەموو ڕۆژێک منداڵەکەی میز و پیسی بە جلەکانیدا نەکات و نەڕشێتەوە بە سەر شان و ملیداو بۆنی ڕشانەوەی منداڵی لێنەیەت، ناتوانێت بڵێت من دایکێکی باش بووم. دایکێک شەو بەدیار منداڵەکەیەوە خەوەنوچکە نەیباتەوە ناتوانێت بڵێت: دایکێی باش بووم. ئەگەر گازی مناڵەکەت سەر گۆی مەمکتی نەتەزاند، ناتوانی بڵێت من لەزەتم لە گەورە بوونی منداڵ بینووە.

نوسەر پێیوایە سەرەڕای ئەوەی ڕقی لە (دایک بوونە)، بەڵام خۆشترین ساتەکان ئەو ساتەنەیە، کە منداڵت بەبەرەوەیە و زۆر گرنگ نییە، بەشداری لەو بۆنانەدا بکەیت، کە هاوڕێکانت پێیەوە سەر قاڵن، وەک کۆبوونە و جێژن، بازاڕ و هتد....

هەموو کاتەکانت تەرخان دەکەیت بۆ منداڵەکەت. ئەو دەڵێت من ڕقم لە (دایک بوونە)، بەڵام خۆشترین ساتەکانی من لەگەڵ منداڵەکانمە.

هاوڕێیان ئەم کتێبە تا بڵێ بەسەرهات و چیرۆکەکانی سەرنج ڕاکێشەرن، بەڵام لە گێڕانەوەی چیرۆکەکەیدا زۆر توڕەبوونی پێوە دیارە و زۆریش وشەی ناڕێک و پێکی بە کار هێناوە، خۆیشی داوای لێبوردن دەکات و دەڵێت هۆکاریشم بۆی هەیە.

بۆیە دەڵێت: بهێڵە با دایە،بە ئاسوودەی گووی خۆی بکات.

# پەندی پێشینانی نەتەوەکان، پەندە نێونەتەوەییەکان
# پەرتووکێکی نوسەری هۆڵەندی (خێرد دە لێی)



**وەرگێڕانی لە هۆڵەندییەوە:بەختیار شەمەیی**

بەشی سێهەم

درکەکان تۆ بریندار ناکەن، ئەوە تۆ خۆتیت بەدرکەکان خۆت بریندار دەکەیت.

مرۆڤ هەر لەخۆڕا بەناو درکەکاندا گوزەر ناکات، یان بەدوای ماردا کەوتووە، یان مارێک بەدوایدا کەوتوە.

هیچ خەویک بەبێ خەوتن نابێت.

هەر تەنێ ئەو شتەی خواردووتە هی خۆتە، شتەکانی دیکەهیچیان مسۆگەر نین.

تەنها هەر دوو ڕۆژ وەکو میوان هەڵسوکەوت لەگەڵ میواندا بکە، سێەمین ڕۆژ خاکەنازێکی بدەرەدەست.

تۆ هەروا لەمیوانێک خۆش نابیت کە گۆزەکەتی شکاندبێت.

ئەگەر بەئارام بیت، ئەو کەسانەی کەخۆشیان دەوێیت، زۆرتر دەبن لەو کەسانەی کە رکیان لێتە.

هەرکاتێ پارەخەرجکردن زیان بێت، ڕووبەڕووی برسێتی دەبیتەوە.

خوا لەو کەسانەخۆش دەبێت کە ژیر نین.

هەرکاتێ خوا بیەوێت شتێکت پێ بڵێت، بەرەشەبا دەڵێت ئەو شتەت پێت بڵێت.


ئەو ڕووەکەی خوا بیەوێت، تەنانەت بەبێ بارانیش گەشەدەکات.

شتەباشەکان خۆیان خۆیان دەفرۆشن، شتەخراپەکانیش پڕوپاگەندەیان پێویستە.

هەرکاتێک مرۆڤێکی مەزن نادادپەروەرانە هەڵسوکەوتی لەتەکدا کردیت، بەزەردەخەنەوە تەماشای بکە.

زەبروزەنگ مەزنێتی بۆ هیچ کەسێک ناهێنێت.






هیچ دەرمانێک بۆ رکوکینە نییە.

خانووی دڵ، هەرگیز تەواو پڕ نابێت.

لەدۆزەخدا هیچ لایەنگرێکت نابێت.

دووبارە کردنەوە، سەرچاوەی زانینە.

سەگ هەرگیز خاوەنەکەی خۆی لەبیرناچێتەوە.

سەگ هەمیشە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو شوێنەی کەلێی بەخێوکراوە.

لەسەگێک بسرەوێنە، سەگەکانی دیکە هەڵدێن.

سەگ پێی ناخۆش نییە پێی بڵێی سەگ.

هەمیشە ئەو شتەی کە بەهیوای بۆی، باشترە لەو شتەی کەبەدەستت کەوتووە.

ماڵەکەم ئەو شوێنە نییە کە تێیدا لەدایک بووم، بەڵکو ئەو شوێنەیە کە تێیدا هەست بەخۆشی دەکەم.

گوێرەکە لە شاخەکانی دایکی ناترسێت.

لەسایەی کەسانی دیکەوە، منیش کەسێکم.

بەهۆی بوونی کەسانی دیکەوە، منیش هەم.

ڕاوکردن و دەنگەدەنگ کردن، هەرگیز پێکەوە ناگونجێن.

ئاسمان و زەوی هەرگیز بەیەکتری ناگەن.


منالان رکیان لەو کەسانە دەبێتەوە کە هەموو ئەو شتانەیان بدەنێ کە ئەوان ئامەزرۆیین.

ماوێتی

# سێ بابەتی زانستی سەرنجڕاکێشی مامۆســـــتا لوقمان حەوێز لە ئەمەریکاوە.

## چیرۆکە تراژیدیەکەی کریستا مکاولیف Christa.Mcauliffe.

## ئەو کەشتیەوانە مامۆستایەی هەرگیز نەگەیشت بە بۆشایی ئاسمان..





لوقمان حەوێز-تەکساس ئەمەریکا

کریستا لەنێو 11 هەزار مامۆستا هەڵبژێردرا بۆ ئەوەی ببێتە یەکەم مامۆستا بچێتە بۆشایی ئاسمان لەگەڵ تاقمی کەشتی ئاسمانی چاڵێنجەر...




دوای هەڵبژاردنی لەلایەن ئاژانسی ناسا و دڵخۆشیەکی زۆر لە ساڵی 1985 بۆ ئەوەی ببێتە یەکەم مامۆستا و گەشتی بۆشایی ئاسمان بکات، کریستای تەمەن 27 ساڵ دەستی کرد بە مەشقکردن بۆ ماوەی ساڵێک... گەشتەکەی لەگەڵ شەش کەشتیەوانی تر بوو، بەرواری گەشتەکە 28 ی کانوونی دووەمی ساڵی 1986 بوو، ئەو بەیانیە هەموو شتێک ئاسایی بوو، لە کاتژمێر 11:40 ی پێش نیوەڕۆ بەکاتژمێری کەنارەکانی ڕۆژهەڵاتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا کەشتی چاڵێنجار هەڵدرا بەرەو بۆشایی ئاسمان، تەنیا 73 چرکە دوای هەڵدانی کەشتی و مووشەکەکە لە ئاسمان تەقینەوە و پارچە پارچەبوو، تەواوی تاقمەکەش کە حەوت کەشتیەوان بوون لەناوچوون، دوایی لە لێکۆڵینەوەیەکی پێنج هەزار لاپەڕەیی دەرکەوت کە تانکیە گەورەکە کە هایدرۆجینی شلی تێدایە و سوتەمەنی سەرەکی مووشەکەکانە درزێکی تێکەوتووە و دەستی بە هاتنەدەرەوە کردووە و گڕی گرتووە...گرنگی دانی ڕاگەیاندنەکان بەو گەشتەی چاڵێنجەر هەتا پێش ئەنجامدانیشی زۆرتر لەبەر مامۆستا کریستا بوو، دوای تەقینەوەی کەشتیەکە و مردنی کریستا تیشکێکی زیاتریش خرایە سەر ژیانی ئەو مامۆستایە کە بەو تراژیدیایە کۆتایی هات، دوای ڕووداوەکەش کۆمەڵێکی زۆر لە قوتابخانە و شەقام و پڕۆگرامی ئاسمانی و خوێندن بەناویەوە کرا...


## بەهۆی مرۆڤەوە جوانترین جۆری پشیلەی کێوی لە تێکساس بەرەو نەمان و لەناوچوون دەچێت...



لە تێکساس کۆمەڵێک جۆر لە پشیلەی کێوی هەیە، جوانترینیان ئەم جۆرەیە کە لێرە بە ئەسڵات Ocelot ناودەبرێت، بەدرێژایی مێژوو دەشتەکانی باشووری تێکساس هەوار و پەناگەی ئەم گیاندارە جوانە بووە، پێشتر ئەم پشیلە جوان و بەستەزمانە لە ژێر پوش و پەڵاشە دڕکاویەکانی ئەو ناوچەیە بێچووەکانی دەشاردەوە، تا ناوەڕاستی سەدەی بیستەمیش ژیانێکی ئارامی هەبووە لەو شوێنانە، بەپێی زانیاریەکانی ئاژانسی ئاژەڵە کێویەکانی تێکساس لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەم ژمارەیان بە هەزارەها بووە تەنیا لە تێکساس... تێکساس ویلایەتێکی نەوتیە، بە تەنیا پتر لە عێراق و هەرێمی کوردستانیش بەیەکەوە نەوت بەرهەم دەهێنێت، لە دوای ناوەڕاستی سەدەی بیستەمەوە تا ئێستا بەهۆی هەڵکەندنی ژمارەیەکی ئێجگار زۆر لە بیرەکانی نەوت و گاز لەو ناوچانە و زۆربوونی دانیشتووان، ژینگەی ئەم جۆرە پشیلەیە و کۆمەڵێک گیانداری تر خەریکە تەواو وێران دەکرێت، لە ئێستادا کەمتر لە 100 پشیلەی ئەسڵات لە هەموو تێکساس و ئەمەریکا ماوە!!!

https://www.keranews.org/…/energy-facility-near-brownsville…


## قەزەمە هەسارەی پلۆتۆ...




پلۆتۆ لە ساڵی 1930 دۆزرایەوە و بۆ ماوەی زیاتر لە حەفتا و پێنج ساڵ بە نۆهەمین و دواهەمین هەسارەی کۆمەڵەی خۆر دادەنرا، بەڵام لە ساڵی 2006 لە لیستی هەسارەکان گوازرایەوە بۆ لیستی قەزەمە هەسارەکان دوای ئەوەی کەشتی (نیو هەڕایزن) کە لەلایەن ئاژانسی ناساوە نێردرا بۆ پشکنینی ئەو هەسارەیە هەندێک زانیاری نوێی دۆزیەوە سەبارەت بە شوێنەکەی کە دەکەوێتە ناو پشتێنەی کەیپەر، هەروەها خولگە و قەبارەکەی... پلۆتۆ تیرەکەی 2374 کیلۆمەترە، بارستاییەکەی 2% ی بارستایی گۆی زەویە و بە 248 ساڵ جارێک بە دەوری خۆردا دەسوڕێتەوە، هەروەها پلۆتۆ بە 153 کاتژمێر و بیست خولەک جارێکیش بە دەوری خۆیدا دەسوڕێتەوە، دووریەکەی لە خۆر 5874 ملیۆن کیلۆمەترە... کرۆکی قەزەمە هەسارەی پلۆتۆ لە بەرد پێک دێت کە بە چینێک ئاوی بەستوو دەور دراوە، چینی سەرەوەش واتە توێکڵەکەی لە نایترۆجینی بەستوو پێکهاتووە... لەگەڵ ئەوەی پلۆتۆ بچوکە بە بەراورد بە هەسارەکانی کۆمەڵەی خۆر بەڵام پێنج پاشکۆ یان مانگی هەیە، گەورەترینی ئەو مانگانە ناوی (چارۆن)ە و تیرەکەی 1212 کیلۆمەترە... (نیو هەرایزن) یەکەم کەشتی بوو کە نزیک بۆوە لە پلۆتۆ و مانگەکانی لە بەرواری 4 ی تەمموزی ساڵی 2015 و توانی کۆمەڵێک وێنە و زانیاری زۆر گرنگ لەسەر ئەو قەزەمە هەسارە و سیستەمی مانگەکانی کۆ بکاتەوە... تێبینی: ئەم بابەتە لە کتێبەکەشم بڵاوکراوەتەوە، دەتوانیت کۆپیەکی بە خۆرایی لە کتێبی "گەردوون" داونلۆد بکەیت لە سایتەکەم:

www.LukmanHawez.org

## هەرجارەی هونەرمەندێکی کورد



## ڕەووف ساڵح


له دایکبووی ساڵی 1959ی گەڕەکی شێخانی شاری سلێمانییه، له ساڵی 1989 ەوە له هۆڵەنده دەژی، تا 14 ساڵی، خەریکی وێنەکێشان بووە، پاش ئەو تەمەنه تێکەڵاوی کاری سیاسی بووە و چۆته ڕیزی کۆمەڵەوە، گەلێک چەرمەسەری و زیندان و ئاوارەیی چەشتووە، وازی له کاری هونەری هێناوە و پێشێلکردنی مافی مرۆڤ و دیموکراسیەت له وڵاتەکەیدا پاڵی پێوەناوە بۆ تێکۆشان. ڕەووفی پێشمەرگە هەمیشه له کۆڵەپشتەکەیدا شوێنی قەڵەکەمەکەی و ڕۆژمێرەکەی پارێزراو بوو. ساڵی 1986 بۆ ئێران هەڵهاتووە، تا ساڵی 1989 ماوەتەوە. هەمان ساڵ بۆی لواوه بگاته هۆڵەنده و لەوێ مافی پەناهەندەیی وەرگرتووە. ساڵی 1979 بەشی کارەبای ئامادەیی پیشەسازی تەواوکردووە، هەروەها شارەزایی له دارتاشیدا هەیه، به هۆی پێویستی و ناڵەباری باری تەندروستیەوە به کاتی له کار وەستاوە. پاشان له ساڵی 1995 ەوە دەستی به چالاکی وێنەکێشان کردۆتەوە و بوارێکی فراوانی بۆ خۆشەویستە مەزنەکەی خۆی، که وێنه تابلۆکێشانه تەرخان کردووە. گەر له تابلۆکانی ڕەووف بڕوانین، هەمیشه توێکاری هێڵەکانی یادەوەریەکانی خۆیەتی، لەو توخم و مادانەی بەکاریان دەهێنێت بەهرەیان لێ وەردەگرێت. مێژووی ژیاننامەی خۆی و بنەمای کەلتوری چوارچێوەی تابلۆ ڕەنگینەکانێتی. زمانی تابلۆکانی پەیوەست نیه به ڕێبازێکی دیاری کراوەوە، بەڵام له ئەنجامدا کەش و شێوازی (ئەبستراکت) باوەشی بۆ کردۆتەوە و خۆی فڕێداوەته پانتاییەکانیەوە. تابلۆکانی هەندێ جار له ڕەنگی گەشەوە بەرەو شەتەکدان و هێڵکاری ڕەش و سپی کشاوە. پاشان هەرچی دەست کەوتووە، له پارچە پەڕۆ به بۆیەی زەیتی کاری لەسەر کردووە، تا تابلۆکەی شێوازی خۆی وەرگرتووە. هەمیشه له بزاوتندا بووە، تا گۆڕانی بەسەر شێوازی کارەکانیدا هێناوە، ئەمەش خەباتی ڕەووف بووە، له نێوان چەوساوە و چەوسێنەردا واته (ململانێی نێوان لاواز و بەهێز)دا. بۆ زانیاری زیاتر لەسەر کارە هونەرییەکانی بڕوانه ئەم لینکە:


https://www.facebook.com/rauf.saleh.33/photos_all?sk=wall&lst=100001818168085%3A100015132252734%3A1550847546
















# تـــاراوگـــه

بڵاوکراوەیەکی کوردیی هەواڵی ناوبەناوە، بەشێوەی ئەلکترۆنی له هۆڵەندا بڵاودەبێتەوە.

TARAWGA



E–mail : sardarfatah@live.nl

HOLLAND –Amsterdam

Mob& Viber& WhatsApp: +31684950807